# کچانی سەرشەقام

# قوربانیانی برسیەتیو ئاوارەییو دەستدرێژی

**وەرگێرانی: سوهام حەسەن**

هەرچەنـدە لە وڵاتی میسـر هیچ ئامارێکی فەرمی بۆ ژمارەی منداڵانی سەرشـەقام نیە، بەلام بە خەملاندن ئاماژە دەکرێت کە ژمارەیان لە نێوان دووسـەد هەزار بۆ یەك ملیۆن بێت، چواریەکی ئەم مندالانە لە خوار تەمەنی سیانزە سالانن، حکومەتی میسر لە بوونی ئەو کێشەیە بێئاگانیە، بەتایبەتیش بەرامبەر بەو تاوانانەی کە رووبەروی کچانی سەرشـەقامەکان دەبێتـەوە، لـە رووپێوێکی مەیدانی کە ساڵی پـار حکومەتی میسـری ئەنجامیداوە، ئاشکرابووە کە نیوەی کچانی سەرشەقام کاری سێکسـی دەکەنو رێژەی لە سەدا چلوپێنجیان دووچاری لاقەکـردن دەبنـەوە.

هەرچەنـدە شـارەزایانی ئەو دۆسـیە پێیـان وایە، کـە ژمـارەکان زۆر لـەوە زیاترن.

دادگـای میسـرلە(٢٣)مانگی ئایاری ٢٠٠٧ سزای لە سـێدارەدانی بەسەر دوو کەس سەپاند، کە لێپرسراوی مافیاکان بوون، دوای ئەوەی دانیان بەکوشـتنو دەسـتدرێژیکردنە سەر بیست لەو منداڵانە دانا، کە لەسەر شەقامەکانی وولاتدا هەن.

## کچانی سەرشەقامو لاقەکردن

شـارەزایانی تایبەتمەند بە منداڵانی سەرشـەقام لە میسر دەڵـێن: کە دەسـتدرێژیکردن ئـەو کاتـە روودەدات کە ئەو کچانە لە سەر شۆستەکان دەمێننەوە یا فرێدەدرێن، دواتریش گەرانەوەیان بۆ ماڵـەوە کارێکی دژوارە، چونکە لاقەکراون.

لێکۆڵینەوەیێـك کـە سـەنتەری نەتەوەیی بـۆ تۆژینـەوەی کۆمەڵایەتیو تاوان لە میسـر ئەنجامیداوە، ئاماژە بەوە دەدا کە شـاری قاهیرە زۆرترین خەڵکی پەرتەوازەی لە سەرشەقامەکان بلاوبۆتەوە، کەرێژەکەی دەگاتـە(٣١,٦٪) بەدوای ئـە و پورسـەعید دێـت کەرێژەکەی



(٪١٦,٨) بەڵام لەشارو پارێزگاکانی باشور رێژەکە کەم دەبێتەوە. لێکۆڵینەکە ئەوە دەخاتەروو کە زۆرینەی منداڵە پەرتەوازەکان کوڕن‌و رێژەکەیان (٪٩٢)بەڵام رێژەی کچان لە(٪٨) تێپەرناکات، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە، کە شێوازی پێگەیاندن وپەروەردەکردنی کچان ئەوە دەخوازێ کە زۆرتر وابەستەبن بە خێزانەوەو زیاتریش بە بارودۆخی ناهەمواری خێزانەکانیان رازیبن. هەرچەندە رێژەیان کەمترە، بەڵام ئازارەکانی کچانی سەرشەقام زیاترە، چونکە بارودۆخی سەختی ژیان‌و دەستدرێژیکردنە سەریان‌و ودووگیانی‌و منداڵبوون‌و برسیەتي وئازارو سەرماو فەرامۆشکردنیان لە کۆمەڵگە بە ئاشکرا بەدیدەکرێ.

## چیرۆکی نورا:

نورا ئەو کچە میسریە تەمەن چواردە ساڵەیەیی لەپرێکا وەك دایکێك خۆیبینیەوە، کۆمەڵێك کلیلی کۆنی بەدەستەوە گرتبوو، تا بە خشەخش و ورشە منداڵەکەی ژیربکاتەوەو بیخاتە پێکەنین، کە نۆ مانگ لەناو هەناوی هەڵگرتووە، هەرچەندە خۆیشی بێلانە لە سەر شەقامەکانی میسر دەژی، ژیانی پڕە لە پەژارەو برسیەتی‌و دەستدرێژی سێکسی. منداڵە بچووکەکەشی کە شەیمای ناوە یاری لەگەڵ دایکە پەرپوتەکەی دەکات. نورا بۆ ئاژانسی رۆیتەر باسی ئەوە دەکات کە ئەو دەستدرێژیە سێکسیەی دەیکرێتە سەر بە باشتری دادەنێ لەو لێدان‌و سوکایەتیەی لە لایەن براکانیەوە لە تەمەنی شەش حەوت ساڵی بەرامبەری کراوە. نورا باس لەسروشتی ئەو پیاوانە دەکات کە ناچارە کاری سێکسیان لە گەڵ بکات، دەڵێ:" ئەو پیاوانە جیاوازی ناکەن‌و لایان شەرم نیە کە تۆ بچووکی یان گەورەی، لە کۆتای دەڵیت منیان رفاند".

## کچە بێنەواکان

ژیانی نورا هەروەك ژیانی یاسەمین وئەمانی وماجیدە و ئیلهام‌و بگرە سەدان وهەزاران منداڵی میسریە، کە وەك رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەڵێ: بێلانەو بێنەوا لە سەر شەقامەکانی میسر ژیان بەسەر دەبەن، بە هەموو شێوەیێك دەچەوسێنەوەو لاقەدەکرێن، کە لە نێوانیاندایە تەمەنیان نەگەیشتۆتە چوارپێنج ساڵان. یاسەمین یەکێکە لەوکچانەی کەدووچاری دەستدرێژی بۆتەوە، پەنجەکانی دەلەرزین‌و دەستی خستبووە سەر پرچە جوانەکەی دەگێرێتەوە" بە (٨) هەشت پیاو منیان رفاندو چوار رۆژ لەلای خۆیان هێشتمیانەوە، ئەو ماوەیە بە سەگ دەورەیان دابووین‌و نەماندەتوانی رابکەین، دوای ئەوەی کچانی تریان هێنا ئێمەیان جێهێشت".

## گەرانەوە بۆ شەقام

یاسەمین دەڵێ: دوای روداوی لاقەکردنم زۆر هەوڵمدا بۆ خانەی سەرپەرشتی منداڵان بگەرێمەوە ، بەڵام ئەوانەی سەرپەرشتی خانەکەیان دەکرد رازی نەبوون بگەرێمەوە، بەناچاری جارێکی تر بۆ شەقامەکان گەرامەوە، دیسان دوچاری دەستدرێژی سێکسی بوومەوە، تاواملێهات سکم پربوو، دواتریش بەتاوانی دزی کەوتمە زیندان.

ماجیدە کچێکی چواردە ساڵانەیە شەیدای گفتوگۆکردنە لەگەڵ کەسانیتر، ئارەزووی فێربوونی یاری کاراتیە دەگێرێتەوە: لە ئەنجامی جیابونەوەی دایك‌و باوکی لەیەکتری‌و لێدرانی لە لایەن نەنکیەوە دوای سێ ساڵ لەو ژیانە ناخۆشە دەکەوێتە سەر شەقام، دەڵێت: ئاسان نەبووجێگاکەم لەسەر شۆستەکان رابخەم ...هەندێ شت هەبوو سڵمان لێیدەکردەوە، شەوانیش لەو کورانە دەترساین کە بۆ لامان دەهاتن.

## خەونی ماجیدە

ماجیدە دەڵێ: توانیم تەگبیرێك لە حاڵی خۆم بکەم، شەقامەکان جێبهێڵم‌و نواییێك بدۆزمەوە. ئێستا ئەو لە خوێندنگایە نەخشە بۆ ئەوە دادەنێ کە لە زانکۆ بخوێنێ.

بەڵام ئەمانی کە تەمەنی (١٥)ساڵانە، دەڵێ: چونکە لە خوێندن باش نەبووم دوچاری لێدان بوومەوە لە ئەنجامدا لەگەڵ برادەرێکم هەلاتم، کە لە ئەسکەندەریە کاریدەکرد، دوای ئەوەی پارەی نەما بەجێیهێشتم، دواجار پیاوێك پەلاماریدام، ئەو دەمەش کچێنیەکەم لەدەستدا، سکم پربوو، هەرچەندە کۆرپەکەم لەبارچوو، کەچی ناوێرم بۆماڵەوە بگەرێمەوە.

سوهام ئیبراهیم کە بەریوەبەری دەزگایەکە کە منداڵانی سەرشەقام دەگرێتە خۆ دەڵێت:"دەستدرێژی سێکسی یەکێکە لە دەرهاویشتەکانی ئەو دیاردەیە، کەتەنها کچان دوچاری نابن، بەڵکو کورانیش

"بە هەشت پیاو منیان رفاندو چوار رۆژ لەلای خۆیان هێشتمیانەوە، ئەو ماوەیە بە سەگ دەورەیان دابووین و نەماندەتوانی رابکەین، دوای ئەوەی کچی تریان هێنا ئێمەیان جێهێشت"

# دیاردەی کچانی سەرشەقام تەنها لە شارەکانی میسر نیە، بەڵکو لە چەندین شارو لادێی دیکەی دونیادا بلاوبۆتەوە

دەستدرێژیان دەکرێتە سەر".

### ڕێگری لە سکپڕبوون

سوهام ئیبراهیم دەڵێت: هەندێك لەو کچانەی دەستدرێژیان دەکرێتە سەر، پەنا بۆ حەبی ڕێگری لە منداڵبوون دەبەن کە بە ڕێژەیەکی زۆر لە دەرمانخانەکانی میسر دەستدەکەوێ، لەکاتی سکپڕیش زۆربەیان کۆرپەکانیان لەباردەبەن، دیاردەی کچانی سەرشەقام تەنها لە شارەکانی ولاتی میسرنیە، بەڵکو لە چەندین شارو لادێی دیکە لە دونیادا بلاوبۆتەوە، کە لە سەر شۆستەکان و باخەگشتیەکان دوچاری دەستدرێژی و پەنابردن بۆ مادەهۆشبەرەکان دەبنەوە، کە وەك فریادرەسێکە بۆ رزگاربوون لە برسیەتی و سەرماو ئازار. هەندێکیان پەنا بۆفرۆشتنی کالاو کەلوپەلی سادەی وەك قووتی کلینکس دەبەن، وەك دەستگێڕێك لە نێوان ئۆتۆمبێلەکان و شوێنی بە یەکگەیشتنی ڕێگاکان بە دوای کریارو نێچیردا دەگەڕێن.

ئیلهامی تەمەن یازدە ساڵان دەڵێت: دوای جیابوونەوەی دایك وباوکی لەیەکتری لەلایەن پوریکیەوە بە هۆی شیشێکەوە داغکراوە، یەك هەفتە لە نزیك بنکەیێکی پۆلیس ماوەتەوە ئەوان خواردنیان داوەتێ.

گرفتی گرانی ئەو کچانە، ئەوانەی کە سکیان پردەبێت ،منداڵیان دەبێت ئەوەیە کە ناتوانن بەڵگەنامەی لەدایکبوون بۆ منداڵەکانیان دابینبکەن، ئەو منداڵانەش وەك منداڵی بیژی سەیردەکرێن و دیارنیە کێ باوکیانە.

یاسەمین بە خەمبارییەوە کۆتایی بە گفتوگۆیەکە دەهێنێ و بەچاوی بە فرمێسکەوە دەڵێ: "خەڵك بە ناپەسند لە ئێمە دەڕوانێ، بەو خەڵکانە دەڵێم کاتی ئەوە هاتووە بیرکردنەوەکانتان بە جۆرێکی تربێت".

سەرچاوە: سایتی بی بی سی

